**شیعر**

# هەرمێیەکانی فیرعەون

## ئەحمەدی مەلا

**کەرکوک - ٢٠١٠**



**لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ**
**بورهان ئەحمەد**
**حەمە سەعید زەنگنە**
**سەباح ئیسماعیل**

ناوی کتێب: هەرمێیەکانی فیرعەون
بابەت: شیعر
شاعیر: ئەحمەدی مەلا
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١٠٩)
سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– ٢٠١٠

# شاڵاوی ئاگر و غەرقی برین

## خاسە

بەسەر سێبەرەکانی خاسەدا
پیاسەم دەکرد و
چاوم برێبووە باڵەکانم
کەینێ لە هەوارەکەی خۆمان دەنیشمەوە....؟

چاوانم پشکۆی دەگرت
بیلبیلەکانم پەنگر
دڵم بەوە دەدایە
پرسەکانم لە مل ئەبەدییەت گیر دەکەم.



## ئارافە

لەبەر هەیوانەکانی تەپە
شەڕێکم هەڵگیرساندبوو
ماوەی نێوان شتەکان لاستیکیی بوون
خۆم لە خمخانە هەڵدەکێشا
دوو چاو گرین
لە گردەکانی ئەوەبەردا
شین شین دادەگیرسێن.

## گاورباغی

لە جرتمەیدان
توتکە سەگێکم لە باوەش
بۆ ژێر دارزەیتوونەکان دەڕۆیشتم
دیژداشە لەبەرێ
کڵاوەکەی بۆ داکەندم
"بویرن ئەفەندم".

## بەگلەر

پێسووك
وەك قۆریاتێ
جووت جووت
مەمكی تورت
پەرچەم شازادە
بەرەو حەمامەكەی ئەوبەر
جوانیی لە كەفاوەوە لە دایكدەبوو.

## عەرەسە

ماندووبوون
یەك لەسەر ئەویتر
كەڵەكەی بەستبوو
زەنگوڵ زەنگوڵ
دەچرووسكانەوە



## ئاخرحوسێن

لە ئاخرو ئۆخری جیهانەوە
دەهاتمەوە
هەردوو لەپم ئاوی لێدەڕژا
لە تەوقی سەریشمەوە
بڵێسە
ئا بەمجۆرە دەتوامەوە سەرخۆم

## عاشوور

پەپكەی قوڕ
لەسەر ساجەكانی ئەبەدییەت
ڕووناكییەك
كوورەكانی ئەوبەری داگیرساندبوو
زارۆكێ بە غاردان تێكەڵی
غوبار دەبوو

## قەڵا

لە کوێیەوە بڕوانی بەرزە
لە کوێیەوە سەرکەوێت
دادەنوێ

## یایچی

لەگەڵ کازیوەوە
دەنگێ دەگەیشتە ناوشار
هەبوو دیوت
دەنگی دێوانەیەوە
و هەبوو دەیوت دەنگی فریشتە
لەسەر حەسیرەکانیش
جوانیی کڕنۆشی دەبرد



## زێویە

لەمبەرەو بۆ ئەوبەر
رووناکی لەسەر بەرد کۆشکێ
کۆشکلی لەبەر سێبەری ئاسیاو
لەمبەرەوە بۆ ئەوبەر ئاو
جۆگەلەی بۆ ئاسمان دەبەست

## رەحیمئاوا

ئاسمان دوکەڵ
و
عەرزیش غوبار
شەویش
هەموو گرێکانی
لە پەراوێزی رۆژا دەدروو
عەرز دوکەڵ
و
ئاسمان غوبار
ماوەیەکیش بۆ خەون ماوە

## چیمەن

ڕێگایەکی سەوز
لە قورگی غوبار گیر دەبێت
ڕێگایەکی شین
دەڕژێتەوە ئەشکەوتی
تەپوتۆزەوە
نزیکترین ڕێگا
لەنێوان حەز و توانەوە

## کەسایەتییەکان

دەمانچەیەکی تۆپڵی و سەرتاشێك
جەمەدانییەکی سەرشان و کڵاوێك
بوتڵێکی بەتاڵ و گۆپاڵێك
گوونییەکی بەتاڵ و بۆنی هەناری ترش



هەنجیرەکانی ئەوبەر
زەردیی لێ جیادەبووە و
ڕووناکی شەقاو شەقاو
بەرەو سێبەر
بە پێی پەتی هەنگاوی دەنا.

لەسەر مافوورەکانیش
تاریکیی
بە رووتی
پاڵیدەدایەوە
فێنکییەك لە ئەستێرەکانەوە
دەهاتەوە
کەیفخۆش
وەکو چرا

منداڵیی
بە کووچەکاندا
بەدوای ئەستێرەی پەرکەمگرتوو
بەدوای دوکەڵی مێشکوژان
بەدوای غەریبیی رایدەکرد

شەوان
وەك شەمشەمەکوێرە
خۆی بە تەنهایی هەڵدەواسی

نەگبەتییەکی بەرجەستەبوو
لە تازە خورماتووەوە
دەهات
پڕ هەگبەکەی هەناری ترش
پڕ گیرفانە فڵتەکانی گێلیی
لەسەر سێبەرەکان دادەنیشت
ددانە زەردەکانی
پێ نەدەشاردرانەوە



خودا لە تەنیشتی
کرۆشکی دەدا و حەیران!

ئاواییەکانی غوبار،
لەسەر سەکۆکان
پەیکەریان لە تەم دەتاشی
ئازاریان لە بێژنگ دەدا
بۆنی کاڵەك
بە مەلاشووی ئەبەدییەتەوە
ئاسمان بە رۆژ دوژمن و
بە شەو بیابان
بۆ غارغارێنی خەیاڵ و ئەندێشەش :
بەرەلابووەکان.
مارمێلکێ کڕنۆشی بۆ تاریکیی دەبرد
پەپوولەیەکی تیسکنی شەوان
دوا نوێژیی دادەبەست.

لە خەو هەڵسا

کازێوە لە ملی گیر ببوو
هەتاوی مانگی گەلاوێژ
خاکەناسی
لە عەرد
وەك عەدەم دەچەقاند
گڕرەیەك
بۆنی تۆراغی پێبوو
روخسارەکانی دەتاشی.

لبادەکانی بەرامبەر دەوارەکان
تاوسێك لە کاغەز دروستبوو
وەکو شازادە
بەرەکەتیی کۆ دەکردەوە
سێبەر نەمابوو
بۆ پژمینێ
بندیوارێ بۆ باوێشك
تەنافێکیش ئەسرینی
لەسەر هیشك ببووە.



کاروانێك لە کوێستانەوە
قەرتاڵێ مانگ و
چۆغەیەك لە تەنهایی
لەژێر گوێسەبانەکاندا
غەمەکانی هەڵدەخست و
عەهدێکی نوێ بۆ پایز و کورتانێکیش بۆ داهاتوو.

حەشامات
لەژێر داربییەکان
ئەستێرەیان دەهێنایە پێکەنین
مانگ وەکو کەرتە خوێ
دەتوایەوە.

گەلا دارێك
ناخی سەوز و
ویژدانی وەك سەما
کەوتبووە

بەر پیرۆزیی
سەڵەواتی دێوانە عەلی.

سەڵت وەك
رۆح
رەوەند وەك با
دەنگخۆش
وەکو قیسارەکانی سۆمەر
کوڵەبن
وەکو پیاوە لە قوڕ دروستکراوەکانی



## میزۆپۆتامیا

پەرچەمی لەبەر
ئاوێنەی خۆڵ
دەهۆنییەوە
بسکەکانی
تا کەژاوەکانی شەیتان
هەوران دەچوونە باخەڵییەوە
زولەیخا
تازە لە خەو خۆش ببوو
دوا قەپی لە هەرمێی فیرعەونەکان
دەدا
زەنگیانە دۆزەخییەکانی
دەنك
دەنك
دەکەوتنە بیرەکان
و

ئاوێكی زوڵاڵیش
وەك شێت
بە نێو نهێنییەكاندا تێدەپەڕی.

مەڕێكی
بێئایندەش
باوەشی لە دوا سێبەر دابوو
هەستمان دەكرد
دەگریێ
دوا گریان
دوا ڕۆندك و
دوا وێنەی ئاخر زەمان.

چرایەكم
لەناو لەپ چەقاندبوو
بەسەر ستارەكاندا دەڕۆیشتم
بیرم لە هەناوی زمان دەكردەوە
و ئەشكەوتەكان دەكرانەوە.



من
وەك زایەڵە
لە بەژنی ئاوێنەكانەوە
جەستەم هەزار پینەی بە سەرەوە
تەوێڵم تازە سەوز ببوو
ئاوێكی زوڵاڵ
وەك بوومەلەرزەیەك
دەتەقییەوە

هەستم دەكرد
بە شیعر دونیا
دروست دەكرێتەوە
كۆترەكانم لەسەر شان
باڵم ئاگری لێ ڕوا بوو
لەبەر هەتاوی دونیا
باڵغ بووم

**لە خەونەکانەوە بۆ خەونەکان**
**وەکو زیندانییەکی میهرەبان**
**دەمدایە شەققەی باڵ**
**دەگەڕامەوە**
**بۆ باغەڵی خۆم.**

**لە دوا عومری**
**هەرزەکاریم**
**شەففاف**
**وەکو کارێزەکەی ئارافا**
**لەگەڵ منداڵە وردەکانی**
**عەرەسە**
**لەسەر چەمکەکانی میتافیزیق**
**دەمانکرد شەڕ**

**لاپەڕەی جوزوعەممەمەکانم**
**وەکو شاباڵ**
**ڕەشماڵێك بووم دەفڕیم**



**لە ئاقارەکانی ڕەوەندان دا**
**لەنێوان قەلادزێ و**
**دەرگاکانی بەهەشت**
**نیشتمەوە.**

**بیرم لە مێغەنجیرەکەی**
**حەوشی باوەگەورەم دەکرد**
**تەنها**
**هەر ئەو**
**دەتوانێت**
**بە ویژدانی عەرزەوە بمبەستێتەوە.**

**لە باوانمانەوە**
**لە ڕچەکانی**
**ئاسمانەوە کەوتبووینە**
**خوارێ**
**نوستالژی من**
**سەرەتا**

بۆ شەهوەتی غەیب
و داستانەکانی کتێبە زەردەکان بوو.

پەرتەوازە بووم لەناو خۆم
پەرتوبڵاو بوو ئارامیم
بەناو لەپ
سەرجەم قەراغەکانم
دەسڕییەوە
و
عەدالەتم لەناو چاوی ئینسان
شك دەبرد.

شایەدی دەدەم
بە تەواوی نیشتیمانم
لە چەکمەجەکان دانا
هەستم نەدەکرد
ونکردنی ڕێگاکانی نیشتیمان
ئاستەنگێ بێت.



ڕۆژێك دادێ
لە ڕێگاکانی کوژاڵك تووشی ببمەوە،
لە قووڵایی زاکیرەم دا
گازی لێدەکردم و
بە شانوباڵی ژنەکاندا
هەڵدەزنا.

من لە ناوجەرگەی شەڕەکاندا
لە دایکبووم،
یەکەم حەرفم
بۆ زیندان نووسی
تەمەنم شەش ساڵان بوو.
هەندەی نەبرد
خۆم وەکو زیندانی
دەبینی
دەمویست
ئەمووستیلەکانم توڕ هەڵدەم

به رووتی به ژێر هەتاوی
گەلاوێژدا
فێنکیی شەوم
دەخواردەوە
دوا توێشووی ژیانم
پیت و میتی
سەدەی نۆزدەم بوو،
هی حوجرەکانی ژێر چەکمەجەکان.

به تەنها
له سەربانەکان
لەنێوان تەناف و
ئەستێرەکاندا
خۆم هەڵدەواسی
شەهوەتم به فیرۆدەدا
و جوانیی له پاژنەکانمەوە
کرێوەی دەبەست.



دەمێك لەبەردەم پەنجەرەکانی دۆژ چاوەڕوان بووم، چڵەنێرگزێك کڵپەی گرتبوو، رووبارێکی بەرد له سۆلاڤەکانەوە خڕەی دەهات، ئاسنی تواوە بە دەمارەکانی بووندا بە هاژە. دەمبینی گەڕەکان بەسەر یەکتردا دەشکانەوە، پیرەژنێك تەنها دووچاو و دەیان شەوەی رۆندك، تازە لە دەست حەرەس قەومییەکان قوتاری ببوو، کەوتبووە بە کەڵپەی کەڵبە.

دەمێك لە کێشوەرە ساردەکاندا، چاوەڕێی هەڵهاتنی هەتاوی ویژدان و نیگایەکی شیرین بووم، بمگەڕێنێتەوە بەردەم حەسیرەکانی رۆح. رۆحم وەك لبادی رەوەندان لەسەر شۆستەی سۆزانییەکاندا راخست، ناولەپم وەك دووگرد بۆ خاڵخاڵۆکە کردەوە. لەبەر پەنجەرەکانی دۆزەخ، گابەردم دەبینی دەسووتا. بارەگای پەناهەندەکان تەنهاییەکی ئەزەلی، لەسەر پردی سیرات، سپی لە رەش و رۆژی لە شەو و زیهنی لە جەستە جودا دەکردەوە.

هەموو بوون
وەك ناسنامە خۆی بەیان دەکرد،
هەموو مێژوو
تەنها هەر رەسمێك،
رووبەری نیشتیمان تەنها زێدێك
زێدیش
لەنێو یادەوەرییەکان تووشی دۆناودۆن دەبوو.

دەمێك
ویستم خۆم فەرامۆش کەم
بێزاربوون لەناو و بێزاربووم لە ناونیشان.
تازە لەسەر سەکۆی
ئیستیبدادەوە هاتبوومە خوارێ.
تا مۆخی
جەستە
بە بسماری قیندا
لەسەر خاچەکاندا هەڵدەواسرا.



مێژووی ئیشراقم
گیلیی بوو
مێژووی راپەڕینم گەوجی.

راپەڕینی دڵ لە ئەشکەوتەکانی داماویی، لە موولوولەی
خوێن و رچە تاریکەکانی ویژدان. راپەڕینی گوڵێك بوو
لە شیوە هەزار بەهەزارەکان و منیش غلۆر دەبوومەوە.
وەك کابووسەکانی کێشوەری سەهۆڵبەندان غارم دەدا و
دەکەوتمە سەر بارستایی خۆم و نشێو دەبوومەوە تونێلە
تاریکەکانی بوون.

راپەڕینی عەقڵ بوو یا شەڕێکی دیکە.
راپەڕینی شەو بوو بۆ گۆڕینەوەی تاجەگوڵینەکانی
کازێوە.
راپەڕینی ئاو بوو لە تەڵخیی خۆی
قوڕاو لە رۆحە پەژموردەکانی.

ببوومە پەیکەرێك لە نمەك

**لە دورگەکانی تەنهایی**
**کزە بایەکی غەریب دەیتاشیم**
**و**
**دەڕووتامەوە بەرامبەر بە جیهان.**

**رەنگە دوا درەختی باخچەی تەنهایی بم!**
**سینگم بە مووس شەق بوو**
**رۆحی مانگێکی بوراوەیان تیا ئاخنی**
**دەنگێکی زوڵاڵ وەك زاکیرەی خۆڵ**
**لە قووڵایی جەستەم دەنگ دەداتەوە**
**عەشقێکی لازەوەرد**
**غەمگین**
**بە لێواری وڵاتی غوباردا گوزەر دەکات :**
**ئۆغرت خێر بێت ئەی عەدەم**
**ئۆغرت خێر بێت**
**ئۆغرت خێر بێت تا دەگەیتەوە هەوارە سەرەتاییەکان**
**مەبەستم سەرجەم ئەو هەوارانەیە**
**کە بەرامبەر بەمیهری مێشوولەیەك دەچەمێنەوە**



**لە ژێر سێبەری شەمشەمەکوێرەیەك**
**خۆیان داڵدە دەدەن و لە چاوەڕوانی یەکەم سپێدەدا**
**ئاوێکی سازگار دەخۆنەوە.**

**نازانم بۆچی غەریبی ئاژەڵ دەکەم؟**
**نازانم؟**
**رەنگە لە رچە پێچپیدەکانی بووندا**
**کیسەڵێك بوومایە**
**هێمن و هێور**
**بە لێرەوارەکانی سەوزایی گوزەرم بکردبایە.**

**سڵاو لە تۆ**
**ئەی ویژدانی سست**
**ئەی ویژدانی وریا**
**ئەی ئیشراقی یەکەم.**

# ئاوێنەکانی زولە یخا

لە ساڵۆنەکان خۆم رووت دەکردەوە و لە دەرەوەش بە
هێمنی بەفری  سەرەتای ساڵ دەباری. هێمن هێمن،
لەسەر ئاوازی شەو، دەکەوتە سەر گەڵا زبرەکانی
سنۆبەر. سپی دەکەوتە نێو چاوەکانی تاریکیی.
مۆسیقایەکی رەشیش  تێکەڵیی قرچەی کوانوو دەبوو.

خۆم رووت دەکردەوە و بەفریش
وەکو هەزاران ساڵ لەمەوبەر هێمن هێمن لەسەر ئاوازی
سەمفۆنیای بێدەنگیی دەباری. کەوا قرمزییەکەم
دادەکەند و خەونی تابلۆکەی گۆیا دەیبردمەوە.
لە ئاوێنەکانی خەیاڵم قافڵەیەکی رێگای خوێ
بیابانی شەق دەکرد
ئاسمان تەڵخ
ملیۆنەها زەڕاتی غوبار مێرگ و مێرغوزاری نغرۆی
بێدەنگیی کردبوو.



بیرەکان هیشك و بەردی رەق و تەق فوارەی دەدا
سەدایەکی غەمگین
حوشترەکانی حۆل کردبوو.

مەتارە پڕ خۆڵ و
کەژاوە هەوری هەڵگەچراو
مەرگ لەتری دەدا...

سەرقافڵەچی
ئالأیەکی رەشی بەدەستەوە
وەکو رەشماڵ
هەمووماني دادەپۆشی.

گوێمان لە گریانێ بوو
لە هەناوی بیرەوە دەگەیشتە بەر گوێمان
بەرەو بیری هیشکەوە بوو لامان دا،
گاشەبەردیش وەکو تۆپەڵ خوێ

له قوڕگی بیرەوە و
دەکەوتنە دوای یەك و دەتوانەوە...

ئاهێك بوو
مەرگی بۆ دەنووسین
نووزەیەك بوو
بەردی دەنووسییەوە.

دەربەدری شاران و
کوێلەی چەرخی راپەڕین....

میسریش دوورە و
هەیوانی عەزیزیش گڕی گرت.

منیش جارێکی دی ناگەمەوە بەر سێبەری دارکفر.

لە پڕێکدا ئاوێنە شەقی برد و
هورد و خاش بوو زاکیرە.



## روونبینی

روونبین بووم بەرامبەر بە بارانێکی ناوەخت کە
شەپۆلەکانی حەوش و باخچەکەی دەشۆردم و
بەردەکانی خڕی خاسەی لە هەیوانەکانم کۆ دەکردەوە و
دڵخۆش بووم کە جووتێ باڵ لە قەبرغەکانمەوە رووا
بوون بۆ چاخەکانی بەردین.
شەپۆلی هاج
شەوان لەژێر قەرەوێڵەکەمەوە
وەکو قورگی کراوەی دۆزەخ
بەرزی دەکردمەوە تا کەشکەڵانی لاپەڕە...
"دەستوپێ سپی وەك بۆق" لەبەر سێبەری
مەرەکەبدانەکەم کووانووەکانم جۆش دەدا و لە لوغزی
غوربەت رادەمام...بە قەراغەکانی شەودا پەرچەمی
زەردی شەوەزەنگم دەهۆنییەوە.

روونبین
وەکو پێغەمبەرە سەرەتاییەکان
بێ پەڕەمووچ
و بەبێ پەڕتووک
لەسەر لەوحە ئاوییەکان
یەکەم ئایەتم
لە بێدەنگی تاشی.

دەمزانی خێڵەکەم لێم هەڵدەگەڕێنەوە و
لەسەر مینبەرەکانی دارخورما دەمهێننە خوارەوە
و لە خاچم دەدەنەوە.
ڕێگاکانی گەلگوتاش شارەزا نیم
بەڵام دەمزانی
کەسیش نییە دەسبەردارم بێت.

روونبین
لە ئاوێنە شەقبردووکانەوە غارم دەدا
روخساری خۆم هەزاران جار دەبینی



دەشکانەوە ناو یەك
لە مەیدانی گشتی دا
دەیان روخسارمیان دەسڕییەوە.

هەر هەندەم پێکرا
کەوڵەکەی خۆم دەسکەوێتەوە...

دەیان کەڵپەی کەمتیارم بینی دەچرووسکانەوە
دەیان چاوی گڕگرتوو
لەسەر پاژنەی با
دوامان دەکەوتن...

مینبەرم
لە ئاو دروست کرد
تا یەکەم ئایەت
لەسەر جەستەیەکی رووت بنووسمەوە
باسی هەزاران فەرسەخ بکەم
جەستە لە جەستە جودا دەکاتەوە.

روونبین بووم
لەوەی کە ئایندەم وەکو رابردوو دەخوێندەوە
هەر هەمان خوێن بوو
بە هەمان دۆڵ دا
تێکەڵی رۆندک
و بێدەنگیی دەبوو...

من دەستم لە خۆ شووشتووە
نە بەسەر ئاودا پیاسە دەکەم
نە لە ئەشکەوت خۆم دەشارمەوە
نە تۆپەڵە ئاگرم تێدەگردن
بۆ ئەوەی لە سەرکانییەکان دابسکنم...

٢٠١٠



## گەڕانەوە بۆ ماڵ
## گەڕانەوە بۆ ناو ئاو

دوێنێ دەگەڕامەوە ماڵ،
پێش ئەوەی بگەمە بەر دەرگا–پەنجەرەکە،
سەرم هەڵبڕی
تۆپەڵێ شەوم بینی
ئاڵۆزکابووە لقەدارێکی حەشەری،
تەڕ تەڕ خۆی دەکێشایە ژوورەکەم.

ژوورەکەم
دەمێکە کریستاڵە،
هەموو دیوارەکانی
هەپڕوون بە هەپڕوون
وەکو گەمییەکی
قوتار بووی
دەم گێژەلووکە،

کەوتنە سەر لاپەڕەی یەکەمی دەریا.

بە هەزار تەرحە
باهۆزی دەریا
لە دونیا و ئاوەدانی دووری دەخستەوە.

لەنێو لەپی بیابانی ئاو،
لەگەڵ قەوزەی موزمین،
پەرچەمی زاکیرەی بەنەوەشەیی،
بۆنی کۆنترین ئاو
بەر هەیوانی کەپووم کەوت.

حەزم نەکرد
وا درەنگ
بگەڕێمەوە ماڵ...

شازادەیەك
کەوایەکی شەفاف لەبەر،



بە ناو تراوێلکە بێ ئاماندا
غاری دەدا...

وێنەیەك بوو،
لەبەر چاوم نەدەسڕایەوە.

٤-٦-٢٠١٠

# ئەندێشەکانی خوڕە

لە باغەکانی ئەندێشە دەهاتمەوە
شەو دڵۆپ دڵۆپ لە جەستمەوە دادەچۆڕی،
شەکەت و ماندوو وەك ڕێبوارانی جاران
هەور و گەمەکانی دونیام لە خۆ دەتەکاند.

لە باغەکانی ئەوبەرەوە دەهاتمەوە
تا بن مەلاشووم
هاژە بوو،
تا قوولەقاپم سەرگەردانیی،
نەشمدەزانی
ئەم ڕێگایە ڕۆحی نارنجۆکە
تا دێت بە ڕوومدا دەتەقێتەوە!

لە باغە هەڵواسراوەکان



منداڵیم جێهیشت
کە لە هیچ باغێ جێی نەبووەوە
بەسەر دەیان جۆگەلە بازمدا،
بۆنی ئاو لە خەونەکانمەوە فیچقە دەکا.

من شازادەی
ئەم غوبارانەم
بەسەر شۆستەکانی هیوادا
بەرەو گۆفەکەکان شۆڕ دەبمەوە...

باغەکانی ئەندێشە
هەموو عەقڵی زەوتکردم
هەموو ئایندەکانی پێچیمەوە
هەموو ئێستاکانی پڕ
لە ڕاپڕیی کردم!

کاتم نە بۆ عیشق ماوە
نە بۆ سووتان"

نه بۆ سەمای سووتماکی نێو باران"
بەڵکو
لەشم بڵاچەیە بۆ تەزرە
واقوڕمانی ئەبەدییە
بۆ برینەکانی خاك.

کاتم نەماوە بۆ چاوەڕوانی.
گرێکوێرەم لە پرچە ئاڵۆزکاوەکانی
عیشقی ئەبەدی دا...
پێیەکانم نابزوێن،
لە قەبرغەکانیشمەوە
ئارەزووی باڵێك تا دێت
بەرەو لازەوەرد و کازێوەکان
دەڕسکێ...

ئەمجارەیان گەر بفڕمەوە
تەنها لەنێو چاوی هەتاو دەنیشمەوە،
تا جەستەم



نەبێتە یەك پارچە شینایی
لەسەر هیچ سەکۆیەك ئۆقرە ناگرم،
تا تك تك کازێوە لە عەباکەمەوە
دانەچۆڕێ،
لە دەرگای کەسێکی دی نادەم.

ئەمجارەیان
سوێندم بە تریقەی هەنارێك خواردووە
کە لەنێو چاوی غەمەکانی رۆژهەڵاتەوە
دەگاتە بەر دەرگاکانی جیهان.

رەنگە!!
رەنگە بگەڕێمەوە باغەکانی ئەندێشە،
واتە
بگەڕێمەوە ناو جەرگەی
رووناکیی و لێی بنووم....

تا شەو

لەشم
لەسەر لەپی هەڵدەگرێت
و دەیداتە دەم با...
تا هەموو رەگەزەکانی دونیا
رۆدەچنەوە
هەموو موولوولەکانی جەستە..
تا رۆحم بە نووکی تامەزرۆییەکی دی،
کون کون دەبێ
وەك جۆگەلە
لە خەو هەڵدەستم
خوڕەم پێشکەشی جیهان دەبێ.

٦-٦-٢٠١٠



# بێناونیشان

بە پەنجە کفنەکەی سەر رووخسارم لادەدەم.
بزەیەکی مەیوو لەنێو چاوانم مردوون.
هیوایەك سەری لێکراوەتەوە.
ژانێك گوڵی گرتووە و ملی وەك تاڤگە شۆڕ کردۆتەوە.
پرچێ لەبەر مۆسیقا دەلەرێتەوە.
بەرزدەکرێمەوە.
دەچمە سەر شانی ئەوانەی کە هەرگیز نەیانمبینی،
ئەوانەی هەرگیز نەیانبینیم.
دەفڕم بەسەر ئاسمانەکان و یەك ئاسمانم لێوە دیارە:
پەشتەماڵی دایکمە وەکو شاڵێ هەنییەی رۆژهەڵات
دەگووشێ.
کفنەکەی سەر روخسارم تەنەکەیەکی قورسە " دادەڕێ.
باڵم لێدەڕوێ،
وەکو فریشتەیەك لە قوڕ، دەدەمە باڵەفڕ و نیشتیمانم لێ
بزر دەبێ.

وەکو تراوێلکە
وەکو مژ
وەکو مافوورێکی تەم
لەسەر ڕێگاکان رادکشێم و
خۆم لێ بزر دەبێ...

٢٠٠٧ئیسپانیا



## رووتبوونەی ئینسان

شەفەق لەسەر نووکی شەققەی باڵ ئۆقرەی دەگرت،
هیوا وەك تراوێلکەی چێشتەنگاو لەبەر دەرگا دەتوایەوە"
شەماڵیش دەیانوت تاڤگەیە لەسەر لبادی زەردەشت
کڕنووشی دەبرد...
بەمجۆرە شیعرە نەنووسراوەکانی پیران دەنووسرانەوە:

رامانەکان دەنگێك بوون "
زەنگێك بوون بە بێدەنگیی دەنووسرانەوە.

نوێژە بێهوودەکان لووس وەك گابەرد،
سپی وەك مەملەکەتی خەیاڵ،
لەنگ وەك رۆحێکی پەژمووردە،
سیا وەك بەرەکەتیی عەقڵ کاتێك دەکاتەوە دەرگاکانی
هەست.

رامانەکان جەنگێك بوون “
تەنگ بە لێرەوارەکاندا هەڵدەگڕان.

ستایشی گیا،
گریانی لم،
زیڕڕەی زمان لە زەمانێکی پەنهان،
هەموو وەك گەندەموو
لەنێو چاوی رەشەبا سەما دەکەن.

پاڕانەوەی ئاسمان،
رامانی مانگێکی مردارەوەبووە.

ملێونەها زەڕڕاتم بینی لەبەر پەنجەرەکانی حەسرەتدا
هەڵدەپەڕین“
هەزارەها پڕیشکی گومانم دەبینی
لەسەر پڵپڵەی خەزان.



حەشاماتێ تەیرم بینی مل لە تەنیشت باڵ “
سینەی سەوز لەبەر سێبەری قەفەز“
شینایی کلاو لەبەر برژانگێکی سیا“
خەونی فڕینێك لە ئاسمانێکی بەرەڵا.

پەیکەری ئینسانم بینی
تاریك وەك پەراوێزەکانی گوڵ،
لەسەر کێڵی قەبرسانەکان بەبێ ئاو،
بەبێ با،
بەبێ خۆڵ،
لە ئێسقانی زەردهەڵگەڕاوی مەنفا ئاویان دەخواردەوە.

ئەم گەمییە دەگاتەوە بەر هەیوانەکان،
دەگاتەوە نێو حەسارەکان،
دێتەوە بەر دەروازە گەرمەکەی بیابان؟

ئەم تەمە دەڕەوێتەوە،

بارانێکی دی،

به تەوژم،

شالاّو

ێکی دی دەڕژێتەوە پەنجەرەکان.

دەست بۆ لقێکی دی دەبەم،

له گەلاّیەکی دی رادەمێنم،

لەنێو رێبەندەکانی گیا خەوێك دەمباتەوە.

بازێك بەسەر شەختە،

درزێك وەك ئاوێنە قووتم دەدات "

دەگەڕێمەوە کووچە تاریك و تنووکەکانی زات.

گەمەکانم کۆتاییان هات،

سەرجەم ئەو بەردانەی دامنابوون بۆ هاویشتن،

له رێگاکانی سەفەر خەرجم کردن.



تێکڕای ئەو کەستەکانەی له گیرفانەکانی رۆح

هەڵمگرتبوون

خووسان.

کۆی ئازارەکانم،

شەونخوونییەکانی هەرزەکاریم،

گێچەڵ به خۆکردنەکان و

شەڕفرۆشتن به رۆح،

هەڕاجکردنی فەزا تەسکەکانی دڵ،

حەڵاڵکردنی سەربڕینی دەیان پەیڤی عەشیرەتەکەم،

پفکردن لەو بڵقانەی کە هاوڕێکانم بۆیان دەناردم،

بەستنەوەی گرفتەکانم بە گرفتە ئەبەدییەکانی

میتافیزیکناسان

و

پێکەنینێکی شەیتانانەی بەردەم کەشکۆڵە

بێسوودەکانی میرزاکان.

میزکردنە سەر دەیان دیوانی زڕی مننەوەران

و
گەڕانەوە بۆ سەردەمە تاریکەکانی نووسین.

نووسین لەسەر باڵی پەپوولەی سلێمان و گەڕان لە
ئەموستیلەکەی یەزدان“
نووسین لەسەر چەرمی جوانەگایەکی دەشتەکانی
دزەیی“
نووسین لەسەر درزی جومجومەکانی بەچەکانی کەلار و
باوەنوور.

خۆهەڵواسین بە پژدێنەکانی شەو“

خوێندنەوەی ناڵەی بەرد و بێهەراسانیی جۆگەلە
ئاوەکانی دۆزەخ“
خوێندنەوەی دێڕە نەنووسراوەکانی شاعیرە
ناسراوەکانی میرنشین“
خوێندنەوەی خەمی ئەزەلیی گەڵایەك ئەسیری
دۆناودۆنی مەرحەمەت“



خوێندنەوەی دوا حەرفی لاڵێك، نووشتانەوەی سەر
کازێوەیەکی سپی“

خۆ تیرۆکردن و گەڕانەوە“

پاڕانەوەی زەمەنی بێخودا“
دوعاکردن و رەجمکردنی پێستی برای گەورە“

قەدکردنی بەرماڵێ لەسەر سەکۆکانی شەهوەت“

رووتبوونەی وەرز بەرامبەر گریانی سروشت“

رووتبوونەی ئینسان بەرامبەر بە ئاوێنەی ویژدان“

هوردوخاشکرنی پەنجەرە خەونینەکان“
خۆ هەڵواسین بە سنوورەکانی لەش“

جەستەکەم وەك پەشتەماڵ“

بەسەر تەناڤ لەززەتدا هەڵدەواسم.

شەماڵێك
زەنگوڵەكانی بۆ دەكاتەوە“
كەژاڵیك پەرچەم و حەزە شاراوەكانی“
خەزاڵیك بە چاو راموسان و
بە سینە ئاشكراكردنی قۆپچەكانی بەیان.

گویٚ بۆ نەغمەیەك رادەهێڵم لە دۆزەخەوە هاتبێت.
ریتمێك بێت خاكی بەستەڵەك و چەقبەستووی مەملەكەت
بهێنێتە جۆش
ئاوێكی فێنك لە كەنارەكانی دۆزەخ سڵاوم لێكات و
جارێكی دیش رابورم و
لە بەرچاوتان ونبمەوە....

٢٠٠٧-١١-٢٤



## ئەم قەسیدەیەش بۆ تۆیە گوڵعوزاری قەدەم

عیشقێك هەلێكردبوو و ساباتیٚ دەگەڕا.
چرایەك چراخان و بیرێكیش هەندەی بیرچوونەوە قوولٚ.
لە زاكیرەی خووناویش سەبەتەیەك پڕ لە لالە و
وەنەوشەی شەم.

گەلیٚ رووخسارم هاتنەوە یاد :
رووخسارێك تەنها دڵۆپەیەك ئاو بوو “ رۆشن “
رووخسارێك شەو لەسەری نوستبوو “ رووبارێك “
رووخسارێك تەڕ مینا هێشووی شەهوەت “ تەماوی “
رووخسارێك تەنها گیایەك سەوزیی دەدایە “ شایەك “
رووخسارێك هەتاویٚ قەتیسی بەر سێبەر “ تەلارێك “
رووخسارێك سۆزانی، سۆزی مەولانا “ جەخارێك “
رووخسارێك سەمای دەروێشێك “ فەنا و فانی “

رووخسارێك ترووسكایی خەزان “ گەڵایەك “
رووخسارێك رۆندكێ “ ترۆپكێ بۆ هەژان، ژانێك “
رووخسارێك رێگایەكی مەلوول “ تەنهایەك “
رووخسارێك بەردێ، دەردێ “ نەغمەی بایەك “
رووخسارێك تێشووی جەهەننەم “ سەحرایەك “
رووخسارێك گۆنایەك لێویكی نێو ئاوێنە “ جۆگەلە بوو

خوڕخوڕ دەڕژایە باوەشی دوڕدونگم و تاڵ بوو جوانی...
خوڕخوڕ بوومە جۆگەلەی عەدەم و ڕژامە نێو ئاوەڵناوی
هیشكایی،
خوڕخوڕ دەچەمامەوە، سۆلاڤی حەقیقەت بەپاژنەمەوە...
خوڕخوڕ سەمایەك بۆنی هەتاوی دەگواستەوە...

خوڕخوڕ جەستەم هەلاهەلا دەبوو دەكەوتە نێو كەڵبەی
كەمتیار و هاشەكان بەربوونە نێو میهری جوانیی و
رووخسار ئاوا دەبوون...

٢٠٠٧-٥-٢٥



## بێناونیشان

خاڵۆزایەك
بەقەد كەسكاییەكی  تاریكدا
هەڵدەگژا
گەیشتە ترۆپك
ئاسمان بوو بە گیا

ریزە دڵۆپێكی ئاو
هەپروون هەپروون بوون
هەوا
پەیكەرتاشی هێژا
كردینە كریستالی گابەرد.

# romantique

دەتبینم دانیشتووی،
روو لە تاریکی
هەتاوێك لەجیاتی قژ
بەسەر شانتا شۆڕبۆتەوە و
هیچی دیکە نابینم.

دەتبینم وەك کەفاو
لە زێڕینیی ئاوەوە سەر دەردێنی.
دەستێ
لە رۆشنایی
بەرەو رووم دێ و
هیچی دیکە نابینم.



دەتبینم وەك سەدان ملیۆن خوناو
هاژەی جۆگەلە و
سەدای باڵندە
دەڕژێتە گەرووی دونیاوە و
هیچی دیکە نابینم.

دەتبینم
تا لە تاریکیی رادەبینم
چرایەك دادەگیرسێ
لەسەر سەرینم

١٦-١١-٢٠٠٨

# ئەوشەوەی بوومەوە قوڕ

ئەم قەسیدەیە تەرجەمەی دەقێکە کە بە خەتی بزماری نووسرابوو.

من ئەهلی قەراغ زەڵکاو بووم،
زەڵکاوی شەوین
قەف قەف قەمیش لە لێوارەکانمەوە کەسك دەبوون.

من بەڕەچەڵەك خەڵکی زەڵکاوم.
واتە خەڵکی دونیای دەماودەم،
دونیای سپی
کاتێ رووبار زاکیرەی دەبوورێتەوە،
کاتێ رووبار تووشی گێژبوون دێت
لە ئۆقرە نەگرتنی دۆناودۆن.

من ئەهلی قەراغ زەڵکاوەکانم
فڕێیان دامە سەر پشتی چیا.



زەڵکاوی شەوین قەف قەف زەل
لە جەستە تەڕەکەمەوە شین دەبوون.

باش دێتەوە یادم کە قوڕ بووم،
قوڕەرەشێکی خەستی گەرم و حەشەری
دەیان هێسك و پلووسکم هاڕی بوو،
دەیان زیندوەرم تیا دەژیا
دەیان خەونم هەرس دەکرد،
چەندین شەوم تیا نووست،
چەندین هیوام لەنێو ئەنگووستان جێهێشت.

ئەهلی قوڕ
خەون دەکەنە پێوەر بۆ شادمانی
خەون بە دەسماڵی ئاسمانەکاندا شۆڕ دەکەنەوە.

بە راست و چەپ دەیانشێلام

**کووپەیەکە بۆ شەرابی خودا**
**گۆزەیەك بە پەرچەمی بەرەڵا**
**تەنوورێك بۆ خۆڵەمێشی زیندوو**
**کووانوویەك تا ئاقارەکانی پەرەستگا**
**گڕێك بۆ هۆنینەوە**
**گڕێك بۆ لەنجەیەکی تەنیا**
**گڕێك تا کووژانەوە دوا ئەستێرە.**

**بە چەپ و راست دەیانشێلام**
**جریوەیەك لە رۆحمەوە پەیدا دەبوو**
**بڵێسەی ئادەمم هێور دەکردەوە**
**غەریزە ئاشناکانم لغاو دەکرد**
**خەون لە گەردنم دەئالا**
**خەونی پەڕەسێلکەیەکی دەستی عیسا...**

**تۆپەڵ تۆپەڵ دەیاندامە پشتی زەوی**
**عارەقی تەوێڵ**
**مووی باسك و بازوو**



**ئەنگووستیلەی زیوینی فریشتەیەك بێ باڵ**
**تۆپەڵ تۆپەڵ خەونم بە دەوارەوە دەبینی.**

**رەچەڵەکی من دەچێتەوە سەر قوڕەرەشێکی شینباو***
**قوڕەرەشێکی پیرۆزەیی**
**خشتێکی خاکی**
**دەنکە مروارییەکی بزربوو**

**هێشتا نەبوومەتە رووەك**
**ئاوم تێ دەزێ**
**هێشتا نەبوومەتە رووەك**
**ژینم تێ دەژێ**

**شەوم تیا دەنوێ**
**تا ئاخیرەت**

* سێبەری ئیحای بەیتێکی سۆرابی بە سەرەوەیە.

خۆر لەبەر پێم دەکووژێتەوە
داسێکی ژەنگن خەمی هیلالە
دێتە سەرچۆك و دەبوورێتەوە.

بیر لە دوو دەست دەکەمەوە
دە پەنجەی شەهوانی
ناولەپێك مێژووم تۆمار دەکات
ئارەزوو لە لێوانمەوە پزیسك دەهاویژێ

دەیان ئەستێرە لە بنهەنگڵمەوە دزە دەکەن
جۆگەلە رووناکی دەڕژێنە کانی بەردەوە
ئاوات بە پاژنەکانمەوە چۆڕاوگە دەبەستێ
ئاڵییەك وەك حەز
لەبەر دەرگای تریقە دەشنێتەوە

دوو بنچکەگیا
دوو گەردوونی یاسەمینی
ئاوازێکی کێوی



غەریب غەریب دەگەڕێنەوە هەوارەکانی شیعر...

چاو دەکەمەوە
دەورووبەر قوڕە
ئاسمانم قوڕ و
پێڵاوم قوڕ

گوێ هەڵدەدێرم
کووانووم قوڕە و
بەردەرگام قوڕ
هەگبەکەی سەرشانم پڕی لە قوڕە و
گۆزەم سیخناخی قوڕ

وەك قوڕ هەنگاو هەڵدەنێم و
ماندوو
وەك
قوڕ
خەو

**دەمباتەوە...**

**کاتێ لەنێو زەڵکاوی بابوباپیران چاو دەکەمەوە**
**دوو هەڵمەتی گڕین لەجیاتی بیلبیلە**
**دەڕواننە ئاسمانە دوورەکان و**
**هیچیش دیار نییە.**

**گەردوون بێدەنگ و**
**ئاسمانیش بێگەرد**
**زەمینێکیش نەشمیل**
**" پرتەقاڵێکی شین "[*]**
**تا ناوکی لە قوڕ هەڵکێشراو....**

**بە دوو هەڵماتی گڕینەوە تێم دەڕوانێ :**
**" ئەی بەچەکەی ئادەم**
**بۆ کەوڵت کردم؟"**

---
* نیو دێرە شیعری ئێلوارە.



**هەر دە پەنجەی سووتاوم**
**تا کەشکەڵان بەرز دەکەمەوە**
**هێدی هێدی دەسووتێم**
**و**
**دەتوێمەوە...**

٢٠٠٨/٥/٢٦

# دوا نووستنی نێو ئاوەکان

سیپاڵێکی تێکەڵ بە رەنگم لە بەرا بوو،
لەنێو تاریکی و وەسوەسەی ئەستێرەکاندا لە شتێك
دەگەڕام
نەمدەزانی چییە!
هەستم کرد شێت بوومە.

هەندێ چرا لەبەر پەنجەرەکاندا
دەڕشانەوە،
هەندێ فانۆس لەبەر ترسی ئەجندەکان هەڵدەلەرزین
منیش بە سیپالێکی تێکەڵ بە رەنگ
لە شتێك دەگەڕام نەمدەزانی چییە!

هەستم دەکرد مەرگی باوکم بوو



قورگی گەردوونی کردبووە ئەنگوستەچاو،
هەستم کرد مەرگێکی سەیر بوو،
پێش ئەوەی رۆحی لەژێر نینۆکەکانییەوە دەرچێت،
پەراسووەکانی ببوونە دارەڕا
ئەو تابووتەی کە بوو بەدوا ماڵی
زاکیرەی بووژایەوە
جاران نامیێ بوو لە باخچەکانی ویژدان.

منیش خۆم لەنێو کفنێکی خامەکی پێچیبووەوە و
سێبەرم
بۆ ئەستێرەکان دەکرد.

شەوێکی فراوان بوو بۆ پیاسەی بێ ئامانج
هەستم دەکرد لە باخچە پەرپووتەکەی خەستەخانەکەی
کەرکووکم
ریزێ سستەر بە چرپەی سپییەوەوە بە قاوشەکاندا
تێدەپەڕن،
دختۆرێك سمێلەکەی فەریك هێلانەی بۆ کەپوو کردبوو،

قاوشەکانی بریقەیان دەهات و
دەتریقانەوە پەنجەرەکان...

وا بزانم
لە سۆراغی ئامۆزاکانم بووم :
یەکێکیان لەسەر ستارەکانی گەڕەکی شەریکە کەوتە
خوارەوە،
یەکێکیان خوا پیلی گرت و عاشقی بوو،
یەکێکی دییان لەبەر هەیوانەکانی یارمجە
بە دیار کوولەکەکانییەوە هێشکەوە بوو،
ئەوەی تریان شۆڕشی ئەیلوول لووشی دا،
هەرە ئازاکەشیان کەوتە نێو قافڵەکەی قالە
تەگەرانییەوە...

منیش ئەو هەندە عەقڵەی شکم دەبرد، دوێنێ شەو
خستمە مستی شەیتانەوە و
بە ئازادی من و شەو جودا نەدەکراینەوە.



رستەکانی زەمەن لەناو قەدم  گیر ببوون و
ئاوازێك وەکو رۆحێکی پەژمووردە لەنێو نینۆکەکانمەوە
ئاودیوی سەدا دەبوو...

رێم دەکرد و ساتمەم لەبەر رۆشنایی لەشم دەکرد
گەیشتمە ژێر سێبەری باڵەخانەیەك
تەنها ناردەوانێکی شلۆق بەرەو گوێسەبانەکان دانرا بوو
ناردەوانێك بوو
حەزم دەکرد لە قورگی ورچە گچکەکە گیر بوایە و
شاخی مەڕمەڕینی ئەستێرەیەك توند بگرم و
بەرز بمەوە...

نەخێر!!!
هەموو شۆستەکان قوڕقوشمی مەیوو
هەموو بندیوارەکان ڕزیو
هەموو قاوشەکان
وەك هەندەسەی چاخەکانی ناوەند تێکچڕژا بوون.

ئەو شەوە قەول بوو هەتاو هەڵنەیەت
شەو شوێن و فەزا
بە تەنها
بیرم بۆ گەلێ شت چوو :
بۆ باخچە و مێرغوزارەکەی ئێراسم
بۆ قاقاکەی رابلێ تا ئێستاش لە قاوشەکانی ڤاتیکان
دەنگ دەداتەوە
بۆ شاعیرانی سەدەی شانزەم
ویستیان لە جەبەرووتی موتلەق خۆ رزگار کەن...

بیریشم زۆر لە خۆ کردەوە،
بۆچی بەو شەوە هەندە شێت
وڕکم لە یەخەی ئەستێران گرت ؟
بۆچی ویستم گوێی ئەجندەکانی بیرەکەی عەلیبەیان
راکێشم؟
بۆچی ویستم شاباڵی هەردوو فریشتە چاوزەقەکەی سەر
تابووتەکەی باوکم هەڵقاچم؟



بۆچی لە دوا چرەکەکانی کازێوە
سیپاڵەکەم وەکو سۆلاڤ لەبەر داکەند
و
گەڕامەوە نێو حەوزاوەکان

تاڵ تاڵ پرچی نێرگسم دەهۆنییەوە
و
بۆ دواجار لەنێو ئاوەکان نووستم...

٢٠٠٨/٣/٢٦

# لە تەڵبەندەکانی زیهنەوە
# تا تەڵبەندەکانی گەرمیان

لەم جوگرافیایەوە تا تەڵبەندەکانی زیهن
کە مێژوو دیاریی کرد...
لەنێو ئەم بڵێسەیەوە تا زەمهەریرەکانی عەدەن
کە رەحمەتی ئاسمان بوو...
لەبەر هەیوانی ئەم چیایانەوە
کە هەر دەڵێی قەد لەوەوە پێش
هەند میهرەبان سەیرمان نەکردبێتن...
لەو بێچووە ورچەی
کە باوەشی هەموومانی گەرم کردەوە

لەنێو ئەم قڕوقاتی رۆحە...

پێستەکەم بەقەد چەرمی کلاشەکەی باووباپیران
جەستەی جاڕز کردووم،
پێستەکەم ئەستوورتر لە دووگردەکەی باقلان.



پێستەکەم دەیان تیغ و سەدان دەمە دەبان
گرنج گرنج مۆری مێژووی تیا ختم
کەچی ئاوازێکی لیَ فیچقە ناکات.

پێستەکەم وەك لبادی رەوەند زبرە بۆ غەم،
ئەندێشەیە بۆ کاراوان
تارماییە بۆ ئاسۆ و ئەم
کلاشانەش تازە هیچ...

پێشی دەچیَ قەد هەڵنەسمەوە.
رەنگە هەڵسمەوە!

بەلام عەیامێك کە گشت قامکەکانم لەجیاتی چڵە نێرگز
ملیان بۆ حەوزی ئاوەکان شۆڕکردبێتنەوە "
کاتێك چاوەکانم رەنگی دیواریان نووسیبێتنەوە "
کاتێك تەیریَ لە سینگمەوە دەرپەڕی بێت: کوڕکوڕە
سەرچڵەکەی گەرمیان!
کاتێك تیتکم تێکەڵی هەوران بووبێت "

کاتێك باهۆز لەنێو بیلبیلەکانم نووستبێت،
شەوێکی ئەنگوستەچاویش
لەسەر شانمدا هێور هێور دوا ئەستێرەی بەیانی قوت
دابێت "
کاتێك بە تەواوی نووشتابێتمەوە و زەڕاتی
مەملەکەتەکەم بەسەر کردبێتەوە.

زەڕاتی سەرلێشێواوی هەموو عەردێ...
واتە رۆحە پەرتەوازەکەم،
زاکیرەی دونیایە
لێوی لە لێوار زەریا دەدا
کازێوە لە مشتی
سەری وەك هەتاو
ئەستێرەیەکیش لەسەر پشتی
هەوران بەرەو سپێدە رادەماڵێ...

٢٠٠٨



## کات لە هەورازاییەکانەوە

کاتی من وەك هەورازیی،
لە رێسای سروشتەوە،
لە رێساکانی سروشتەوە،
هەمیشە سەیری خوارەوەکان دەکات.

پێی دەچێ زۆر هەڵگژابێتمە سەر سەودا،
سیا بچێتەوە بینایم،
رەشداگەڕاو هەنیە.

پێی دەچێ
خەم بێت کاروانەکانی سێبەرم
تارمایی بێت هەودا.

کاتی من وەك هەورازیی،
نموونەی ئاو
شۆڕ دەبێتەوە.

خوڕەکانم
باسی هیشکایی دەکەن،
زایەڵەیەکی درز بردوو،
لەگەڵ جیڕڕەی دەرگایەك
دێتە ژوورەوە.

هەموو چرکەیەك دونیا
لە شەرنەقەیەکەوە
سەر دەردێنێ.

دونیاکانم
لەسەر پشت هەڵگرتووە
تا دوا تخووبی باوێشك.



تابووتی سەفەرەکان،
وەك ئاسۆ،
وەك خاچێ،
لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا،
لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات.

کاتی منیش وەك هەورازیی،
دڵەڕاوکێی ئاراستەکان،
هەڵدەگرێ.

دەیدەمە دەم با،
دەم رەشەبا،
با ئەبەدییەتی جوولە قووتی دا.

## بێناونیشان

کتێبە قورسەکەم خستە سەر کۆش،
شڵپ........ شڵپ یەك دوو جار لاپەڕە زەردەکانیم
لێکدا
لە ناوەندەوە وەك دەریای سوور شەقم کرد
فوویەکم کرد
غوباری چاخەکانی ناوەند ژوورەکەمیان تەنی
لەگەڵ پیتە سووکەکان
لەسەر قژە گڤ و لوولەکەم نیشتنەوە...

پژمیم
و
رامام

مێژووی رەنگەکانم خوێندەوە
رەنگ هیچ واتایەکی نییە،
تەنها هارمۆنییە دەبنە واتا.



کتێبی رەنگ زەرد بوورایەوە
هەزاران لاپەڕەی سپی لە سەر کۆشم کرانەوە
کتێبخانەکەم بوو بە قەفەزێکی مەزن
هەزاران تەیری جیاواز
رەش رەش لەسەر کتێبەکانی دی هەڵنیشتن.

بە دوو ئەنگوست پەنجەرە ئاسنینەکەم بەرەو رۆژهەڵات
کردەوە.
رۆژهەڵاتم بینی لە دەم حەوزێکی لێخن تارەت دەکات
لەسەر مافوورێکی چڵکن لە رابردوو رادەمینێ
لەسەر شانێکی تابووتێ
سووچێکی لە شامە و سووچەکەی دی
گەیشتۆتە سەمەرقەند...

شانەکەی دی بارستایی بەسەر شانەکەی دی ختم
بووەوە.
٢٠٠٨

## عەبا شینەکەی دەریا

رچە پێچاوپێچەکانی دەروونم شك نەدەبرد،
هەتا ئێستاش
ونبووی نێو ڕێگاکانی پەسلانم.
چ باهۆزێ جارێکی دی
بیرەوەرییەکانم دەبووژێنێتەوە؟
چ سەرابێ قەستیلانە لە هاموشۆکانی
ئێرە و ئەوێ
لەشم دەخاتە سەر لەپی؟
هیچ نیم جگە
لە گەردێکی عەودالی نیشتنەوەکان نەبێت!

رچە پێچاوپێچەکانی دەروونی شك نەدەبرد،
ئەوا ئێستاش
لەنێوان خەیاڵ و هزردا،
لەنێوان ژێرزەمینەکانی ڕۆح و



هەیوانەکانی دڵدا،
لەنێو هەلومەرجەکانی بێئامانی
ئاسن و هەوا،
کێ لەمەودوا
پێناسەیەکی دیمان
بۆ ئەم زەمینە هیشکوبرینگە
دەدۆزێتەوە؟

رچە پێچاوپێچەکانی دەروونیان شك نەدەبرد،
بۆیە ئێستاش
ئاسمان دەکەنە مێزەر و
قوببە ئاڵەکانی لەززەتیش بە کڵاو...

ئێرە شەق دەبێت.
وەك هەنارێکی ئەبەدی
ئاسۆ بە ڕەنگ دادەگیرسێنێ
کازێوەکان
وەك پەشتەماڵ

جەستەی رووتمان دادەپۆشن.

ئێرەکان
شەق دەبەن.
هەزاران هەتاو بەردەبنەوە
سەر جەستە ساردوسڕەکان
کلۆ ئەستێرە
دوا فانۆزی گەردوون
دڵمان بە تەنافەکانی ژیاندا
هەڵدەواسێ...

ئێرەکان
دوا کانی میهرەبانی
لە لوتکەکانی ئەلبەوە
لە چیای سپییە
لە ئێتناوە
رووناکییەکی ئەزەلی
دەبەخشنە دوا تنۆکی وەحشەت.



ئێرەکان
دوا تەقینەوەی
بەرد
عەشق هەپروون بە هەپروون
دەبێت
لە دوا هەیوانەکانی مەرحەمەت.

منیش
بە
رووتی
دوا سەفەر
بەنێو سەهۆڵ و
بەنێو ئاگردان
بەنێو سەراب و
دوا پەخشانی جیهان
دەسازێنم...

گەڵایەکی زل
عەورەتم دادەپۆشێ
لەنێو دوکەڵ و هەرای گەراجەکان
پرسیار لە ڕەگەزی
هەوا دەکەم.

توێکڵی تەنکی دەریا
بە گوێزانێ لێدەکەمەوە
وەکو عەباشینێکی سەرمەدی
دەیدەمە سەرشان
لە دوا سەربانی مەملەکەت
قەڵەنگەکەم رادەوەشێنم
دەبا بفڕن
هەرچی کۆتری لەشم هەن....

سەرەتای ٢٠٠٩



## ستایشی باران

ستایشی بارانم دەکرد دەمێ،
پەڕ پەڕ هێشوە ئەستێرە، لە دەلاقەکانی خەمەوە بەسەر
پەیکەرە مەڕمەڕینەکان دەنیشتنەوە.
ستایشی بارانم دەکرد دەمێ،
گوێم بۆ ریتم و تریقەکانی هەڵدەخست“
تەڕ تەڕ هێشوە ئەستێرە
لە دەلاقەکانی تەمەوە بەسەر جامی خانووە
بەردینەکەمدا
هەپڕوون بە هەپڕوون دەبوون،
ئەو ناوەیان دەکردە چراخان و
ئەسپەکانیش لەنێو تاریکیی ون دەبوون.

ستایشی بارانم دەکرد دەمێ،
لەسەر نووکی پێنووسەکەم چەندین باشووکە
هەڵدەنیشتن،

چەندین کلکەتەقێن، تۆقیو، راپەڕیوی ناو کازیوەکان
دەبوورانەوە.

هەستیارترین حەبەلوولم بینی،
گەوزاوترین لم لە مەلەکووتی ئاوریشم.

ستایشی بارانم دەکرد و زەریا دەیدایە قاقا.
جوگرافیای سوێر و سازگارم بە دەمە گوێزان هێور
دەکردەوە و
ستایشی بارانم دەکرد بۆ جریوە.

خوڕەی بەردم تۆمار دەکرد
لە دەشتاییەکانی رۆژهەڵات،
کاسەوکەوچکی کەشتییەکەی نوحم دۆزییەوە لەسەر
باڵەکانی کوڕکوڕ،
خشتە سوورەکانم هەڵدایەوە لەسەر کانییەکی بەردزیوین
پاشەکشە بە ستایشەوە لە دوا کەلی رۆژئاواش ئاوا
بووم.



دوا باڵندەی سەر چڵم ئاشتکردەوە
لە دڵەراوکێی ئەزەلیی نێوان ئاسمان و تیرکەوان،
دوا لقم نووشتاندەوە تا کەمەربەندان.

پەیکەرەکانی قەراغ زەریای ناوەڕاست،
ئەوانەی لەسەر گردە سپییەکە
سەیری دونیایان دەکرد بە بێدەنگی،
غەلبەغەڵبی ئینسانیان دەڕشاندەوە
قەتارە هەورێکی سیا،
لە دۆڵەکانی غەیبەوە
دەیان چارۆگەیان ونجڕ ونجڕ کرد و
دەیان دەریاوانیان دایە دەم شەپۆلەوە.

ئەویش چیمەنی حەوشەکەی دابووە بەر زەنگ و
فیچقەی دەکرد پاکوورە.
دەنگیٚ تازە لەنێو ئاو لە دایك ببوو،
ستایشیٚ بوو بۆ مەملەکەت.

بەهاریٚ بوو تازە لە شەختەوە چۆڕەی دەهات،
هۆرەیەك بوو چیاكانی هێنابووە لێوار پێكەنین،
نەغمەیەك چووزەرەی
لە تۆپەڵە قوڕی دەست زارۆكان چوقەراند.

فڕینیٚ بوو بەرەو ئەبەدییەت
لە دەست جەبەرووتی دوێنیٚ...
هەڵسانەوەی میلۆدیا
ڕەوینەوە و
خۆتەكاندنێك بوو لە دوا لەشكری غوبار...

ئەمە تەنها ستایشی ڕێژنە نەبوو
لەنێو سەماكانی گیا،
یا سرووتێك تەنها بەرد شك بەرێت،
لە هەڵڕژانی دوا سۆلاڤی كەون.



بەڵكو
گورزە رامانێك بوو لە چرا
لە حزووری شەمدان
هەڵقرچانی باڵی پەپوولە
لە كوێرایی ویژدان
یا گریانی بوومەلەرزەیەك
بینایی كوونەپەپووی دەخوێندەوە

بەڵكو
شینیی دوا ئاسمانەكان بوو
لە خۆ بەدەستەوەدان
كڵۆڵی زەین و زەمین
كوێرەوەری دوود
لە دوا منارەی حەسارەكاندا بەرز دەبووەوە.

گۆرانییەك بوو
زاری شوانێكی دەقوڕاند
سروشتی كردەوە بەر

كاژی ڕەشمارێك

شمشاڵێکی
بە ژان کون کون دەکرد
فیچقەی دەکرد پەسڵان.

بە ئازار ستایشی بارانمان
دەکرد و ناولەپیش دەبووە چراخان
گڕی دەگرت باڵ و باڵندە
تا ئەژنۆ ئاوێکی سوێر
تا ناوك چیلکەی هەڵهاتوو
پووش و پەڵاشی ئاخیرەت
بە مەڵاشوومانەوەش تاڵییەك
تا ئاو هەڵدەسا
خەمناك
تا
سوێراو
بەرزدەبووە



وریا
بە ئاگر ستایشی بارانمان دەکرد و
دەیان لبادی ڕەوندیش
وەك گەمیی
خمخانەی لەنێو گێژەندا دەتەقاندەوە...

ستایش و گریان
وەك زوخاو
لیتەی دونیا
کردە لێشاو....

منیش لە حیکمەتەکانی بەردەوە
ستایشی بارانم دەکرد دەمێ....

١-١-٢٠٠٩

# پەرچەمی زولەیخا و

نهێنییەکانی ئاو

پرچی شەوم توند گرت
سەفەرێکی شینم
لە باڵای زەریا دووری،
بەڵام
ساتمەم بەسەر تەنافەکاندا دەکرد،
گیرفانی پانتۆڵەکەم زیواڵ،
پەشتەماڵێك ئاوی نووری پێدا رژابوو،
جەستەمی وەك کفنێ داپۆشی،
وەك گیا کێوییەکانی دورگەکانی کەناریی
لەشمی دەقەوزاند و

بە شادەمارەکانی مەملەکەتدا سەردەکەوتم.



باوکمم بینی سپی دەچووەوە وەکو بەفر
لە لوتکەکانی قەدەردا نەدەتوایەوە،
چاوم بە کەڵەپیاوان کەوت
لەبەر سێبەری خود دانیشتبوون.

سەرم لەو عیشقە دەرنەدەکرد
کە سەروپۆتەڵاکی کردبووم سوتماك
لەسەرخۆ بە سەرخۆمدا دەتوامەوە.

نە سیمورغ بووم
نە بێچووە عەنقا

بەڵام هێور هێور
دەگەڕامەوە نێو ئاوان
نێو گێژەلوولەکەی ویژدان
لەو سەفەرەدا
بە دەور خوددا
بە دەیان تەرح دەخولامەوە...

قیبلەنامەکەم دەرهێنا
ئاراستەکانی نەدەخوێندەوە
کوێراییم داهات
لە ڕێگاکانی قوستەنتین
بەسەر کێڵەکانی ئۆسکۆدار
وەکو مەیموونێکی هاوچەرخ بازم دەدا.

هیچم پێ نەدەخوێندرایەوە.

بەسەرهاتەکانم لەسەر
لەوحێکی چەرمگ
لە مەرمەڕەکانی تاج مەحەل
لە ناوەند حەوزەکانی ئێستا
چەقاند.

هیچم پێ ناخوێندرێتەوە.

ئاوڕم لە مێژوو دایەوە



چوومە نێو چاوە زەقەکانی
سفانکس
بەرامبەر بە ئەبەدییەت
لە سپێتی راماو
لەش لە لم هەڵدەکیشێ
دەگەڕێ لە لوغزی ئاو.

لەم کووچانەوە تا
حەوزەکانی بەر با
لەنێو ئەم خۆڵەمێشەوە
تا بەر دەرگاکانی سەدا
لەم هەیوانە بەرزانەوە
تا ئاواتەکانی شینیی دەریا

ڕۆ دەچمە نێو
هەموو بەرجەستەیەك
تا بە ئاسپایی

نهێنیی وزه و
نهێنی خەون
بچرپێنمه بنا گوێی کەون....

مانگی دوو/٢٠٠٩



## بێدەنگیی

گززەی
مێشێك
دێت
بێدەنگیی
دەشلەقێنیٚ

مێشێك
گززەی
دێت

تێکەڵ
بە
حەپەی
سەگێکی
دوور
دەبێت

چەند
داربییەك
تازە
گەڵایان
گرتووە
سێبەرێکی
شاش
ئەسکەمبیلێك
دەکەوێت

گززەی
مێشێك
دێتەوە
بەرگوێ

دوو
زارۆك



یەکێکی
دەگریێ
ئەویتریش
پێدەکەنێت

لەوبەرەوەش
دوو
مێردمنداڵ
شەق
لە
گۆی
زەمین
دەدەن

هاوارێك
حەپەی
سەگێك
دوو

مێشیش
گززەیان
دێت

ماتۆرێك
بە
خێرایی
بە
ناوەڕاست
جادەكەدا
هەموو
دەنگەكان
دەپلیشێنێتەوە.

٤,٥,٢٠٠٩



## ناولەپی خەجیجە

دوێنێ تایەكی كوشندە
وەكو جاجمێكی دووقەدی رەوندان
نووشتاندمییەوە دەم كوانووی وڕێنە.
خەجیجە هات و لە تامێسكەكانم هورد بووەوە،
لە سەرچۆك دانیشت،
ناولەپی خستە سەر هەنیەم.

هەردوو چاوم چووقاو،
هەردوو بیلبیلەم رۆچوونە نێو قوولایی ئاو.

گوێم لە نووزەی توتكە سەگێ بوو،
پشیلە فارسییەكەی سەلمان،
جۆم رۆكردە حەوشەكەی نالی،

له ئاستانه دەگەڕامەوە،
پرچی ئایشه و فاتیمه
له گزینگی سینەمەوە پەرتدەبوونەوە:
گمەی کۆترەکانی سەر پردی تەبەقچەلی،
ئەسپەکەی جەرجیس،
سێبەرەکانی" زاکیرەی با"،
ئەتڵەسەکانی ئەرپە،
مناره ئاوییەکانی ئاخورحوسێن،
پژدێنه کەسکەکەی دانیال،
کراسه دڕاوەکەی حەویجە،
مەمکه تورتەکانی گومەتەکان،
ئەشکەوتەکانی قۆرییە،
تیترواسکەکەی چیمەن،
دارهەنجیره تاقانەکەی تڕکەڵان،
کراسه رەشەکەی تسن،
کڵاوەکەی تەمبەڵ عەباس،
قەبرەکەی عاشوور،
گەڵایەکی پاسوانزادە،



پەنجەرەیەکی ئەڵماس،
پەڕژینی ئارافە،
دووگردێکی تەپەی مەلا عەوڵا،
بێدەنگیی کۆڕنیشی ساڵی ١٩٧٥
عەبا رەشەکەی خاسە،
مشەممای حەسیرەکان،
تەپوتۆزی کوره و مەعدەن،
شڵپەی منداڵانی شۆریجە،
مەسینه باغەکانی جووتقاوە،
بەردەکانی ئیمام عەبباس،
مەغریبەکانی جرتمەیدان،
قۆریاتەکانی هابە،
هەریسەکانی کەربەلا،
عاسییەکانی عەرەسە،
تەڵبەندەکانی کەیوان،
هیسەکانی تەرکیز،
قەتارەکەی ساڵانی چل،
پاسکیلەکانی شەریکە،

سەفەرتاسە لووسەکان،
شووتییەکانی ژێر هەنگڵی کرێکارانی رووس،
هەیبەتی ئەڵمانەکان،
شوانە پاسەوانەکانی بۆڕییە نەوتەکان،
ئاڵا داماوەکەی عەبدولمەلیکی بەنی مەڕوان،
غەمی ناوەڕاستی حەفتا،
هۆشیاریی تەیرە ئەبابیلەکان،
پیاسە بێدەنگەکەی عەلی مامی،
پێکەنینەکەی سمە قەتێ،
رووخۆشییە شۆڕشگێڕییەکەی سەباح مەحموود،
بیژییەکەی قوباد،
منداڵە سیحربازەکانی حەمید چکچکە،
نامە سادەکانی مستەفا،
پێشمەرگایەتییە نهێنییەکەی سەباح،
دووکوڕە بە ئەدەبەکەی ئەسوەد،
منداڵە شیوعییەکەی شۆریجە،
چیرۆکە کورتەکانی عەباس لەببان،
شانە نهێنییەکانی ئاگر،



خەونەکانی سێوەدین،
نوکتەکانی سەیفودین،
عەشقە نهێنییەکانی مارفگوڵ،
قاپە ئیسپانییەکەی مەدحەت،
گەواڵەکانی سەلام،
دەهۆڵە خێرا رەوتەکەی داودە،
پیاسەکانی موعتەسەم،
جمکانەکەی بەرامبەر ئاسۆ،
مەڵۆتکەکەی فەهمی،
عەبەسییەکەی موکری،
پێکەنینە باوکانەکەی جەبار،
شانۆکانی فازیل،
چایخانە لاپەڕەکەی سەراج،
قژبژەکەی جەلیل،
بەهرەوەران،
کۆتایی حەفتاکان،
بێدەنگیی خاسە،
ئاگرباران،

خامۆشبوونی ئومولرەبیعەین،
کوژانەوەی سەرجەمی گڵۆپەکانی سەرجادە،
بوومەلەرزەیەکی بێوێنە و
منیش باڵم گرت:

گوێم لە نووزەی توتکە سەگێ بوو،
چاوم کردەوە،
خەجیجە لە سەرچۆك دانیشتبوو،
ناولەپی لەسەر هەنیەم،
مەچەکیم توند گرت:
بڵێ، چ موژدەیەکت پێیە؟
وتی: بنوو، هیچ نییە،
هەمووی هەر وڕێنەیە.

٢٠٠٩/٤/١٤



## کێشوەرەکان لەززەت

بازم بەسەر کێڵەکاندا دەدا "

مانگێکی ملشۆڕ
لە جۆگەلەکانی سەرمەد ئاوی دەخواردەوە،
ئاهی هەڵدەکێشا.

منیش بەرەوە کێشوەرەکانی لەززەت،
پاژنەم گڕ و قورگم نووساو،
تەپوتۆزاوی لە دەشتەکانی یارمجەوە
بە کراسێکی گونییەوە،
زەمانم کەڕووی چەرخەکانی ناوەندی لەسەر نیشتبوو،
هەموو قەبرغەکانم بزمارڕێژ.

بەهاوار،
دەروازەکانی قەبرسانم کردەوە،

هێسکوپلووسك،
خرچەی دەهات لەژێر شەویلاگەم.

دونیام جوان دەبینی
وەکو بێچووە نەوسنەکانی ئادەم.

بۆیە،
لە مێژا،
راکردن و هەڵاتنم هەڵبژارد،
هەڵاتن لە خۆم
راکردن لە رێساکانی قەبیلە.

کەوتنە شوێنم
مەشخەڵ لە دەست
تەورداس و رم
وەك گزنگ
لە ئاستی تەوێڵم هەڵدەهاتن.



هەناسکەبرکێ
لە قەراغی ئەوروپا
تاقە پەناهەندەی لێوارەکانی باکوور
بە دیار پەیکەرەکەی ژان ژاك رۆسۆوە
لە دوورگە چکۆڵانەکەی ژنیڤ
تاڵیم دەکرۆشت و
ژەهرم دەخواردەوە.

هیچ شتێك فریام نەدەکەوت!
جوزوعەممەم بە بەرەواژ دەخوێندەوە،
چل رۆژ لەژێر زەمینەکەم
شێی و نانی رەقم دەخوارد،
کراسێکی تا ئاودامان،
سپیم دەسکەوت
سیحرم لە وشە کرد
مانگم لەسەر پیتەکان دانا،
تاوسێك
لە حەوشەکەم خۆی گیڤ کردەوە،

پەڕەسێلکەیەك لەسەر نووکی باڵەکانی
نهێنییەکانی خەزانی پێبوو.

لە تەنیشت قەرەوێلەکەم
ئاگرێکم جۆش دا
هەموو قەسیدەکانی قەبیلەم سووتاند :

قاقاقاقا
چەشنی جادووباز
هەموو هاوسێیانم لە خەو زڕاند.
گەڵاکانی ئاکاسیا
وەکو تەم هەڵدەوەرین.

قاقاقاقا
چوومە سەر سەکۆکانی ئەبەدییەت
برینی رۆحم هێور کردەوە
نووزەی چۆڕە خوێن
چنگیٚ ئەستێرە پەرکەم گرتی.



جوببەکەی باوکمم کردە بەر،
بە شەقامەکانی پاریسدا
لە سان میشێل،
لە قەد پاڵەکانی مۆنمارتر
لە گەڕەکی شانوار
لە تەنیشت ماڵەکەی ڤیکتۆر هۆگۆ
وەك پشیلە
بۆنی پەناهەندەکانم دەکرد.

بێدەنگ بووم
وەك لاپەڕە شیعرەکانی جەهەننەم.

دەستم کردە نووسین :
عەیامێك بە دیار حەرفێکەوە
گیرم دەخوارد،
دەنگێك بوو
دەگەیشتەوە و

له سنووره‌كانی زیهن ساتمه‌ی ده‌كرد.

خۆم رووت كرده‌وه
له ئاوی سێن خۆم بسمیل كرد،
غوسلم به قه‌وزه ده‌ركرد و
هه‌ڵپه‌ڕیم...

پێده‌كه‌نیم
نهێنییه‌كم چرپانده بنگوێی هاوڕێیه‌كه‌م :
عه‌قڵم سووتا
هه‌تاوێك هه‌ڵهاتووه
نازانم ئه‌مه سیحری شیعره
یا كۆتایی گه‌ردوون...

پێده‌كه‌نیم،
خۆم ته‌سلیمی دونیا كرد و
دوا په‌ڕه‌مووچی خه‌زانم كۆده‌كرده‌وه...

٢٠٠٩-٧-٢٥



## گۆرانی یه‌كه‌م

به ژێر دیواره به‌ردینه‌كاندا
كز كز
وه‌ك مومێكی كوژاوه
رۆژ دوای رۆژ
مانگ دوای ساڵ...

ئه‌و كه‌مه گۆرانییه‌ی
كه له بیری مابوو
ساتمه دوا ساتمه
ده‌كه‌وته سه‌ر لێوه ته‌ڕه‌كانی و
ده‌یاندایه‌وه شه‌ققه‌ی باڵ

نه سه‌یری پێشی خۆی ده‌كرد
نه ئاوڕی ده‌دایه‌وه

رابردوو و داهاتوو
لەسەر شانەکانی شین دەبوون
وەك دوو تاڵە گیای تاڵ

بە ئاستەم لەسەر ئەستۆی
دەشەکانەوە،
بارستایی، قورسایی
شانیان دادەچەکاند
وەك تارماییەکی کاڵ

بە بن دیوارە بەردینەکاندا
وەك سێبەرێکی هەتیو
ڕێی دەکرد
هیچ ئاقارێ بۆی نەدەبوو ماڵ

وەکو مۆمی کوژاوە
توابووەوە سەر خۆی



لە ڕۆحی پەژمووردەیشەوە
ئاهێك
جەستەی دادەپۆشی
زیواڵ زیواڵ

مێشك وەك ئەشکەوتی شەو
تا دەهات فراوان و تاریك
بەسام و سامناك
شپرزە و قاڵ

ئەو کەمە گۆرانییەی کە لە بیری مابوو
دەبووە هەڵم
پێش ئەوەی بگاتەوە
بەر دەرگای ماڵ

یادەورەییەکان دەتوێنەوە

ولاتیش تا دێت ئاوا دەبێ
جەستە و رۆح و هیوا
وەکو ئاهێك دەکەنەوە
بەر بای شەماڵ



## گۆرانییەك بۆ برادەران

برادەران گریانم دێت،
نازانم ئەمە قۆناغی سەرەتای پیرییە،
یا نەعلەتێکە و لە شیعر دەکرێت!
هەموو رابردووەکان تێکەڵ دەبن :
چڵە دارەکەی گەڕەکی ئاکاسیا
لە نزیك شارەکۆنەکەی ژنێڤ و
رێگا باریکەکانی عەرەفا.

گریانم دێت
کاتێك دەزانم
ژیان هەندەی گەشە لە ناوەوەم
هەندە بە شەوق نییە لە دەرەوە.

دەزانم ئەوانەی خۆشیان نەویستین
تازە زەنگی ئاوابوون لێیدا

جارێکی دی
هەرگیزاو هەرگیز خۆشیان ناوێین.

ئەوانەی کە خۆشیانمان ویست و
لە توولەرێگان ون بوون
هەرگێزاو هەرگیز
ئیتر ئاوڕمان لێنادەنەوە.

دەزانم دەشتە بەردینەکانی
رێی دیاربەکر و
حەوشەکانی عەلیبەیان
تەنها گۆرانی غەمیان تیا
بە جوانی دوترا.

دەزانم مەتارەکەی سانچۆ:
هاوڕێی و سێبەرەکەی دۆنکیشۆت و
مەتارەکانی زەردەك پێك دەکەن
ئەوەی سانچۆ لێوالێو
لە شەرابی ترش



ئەوانەی زەردکیش پڕ تەپوتۆز.

کوچەکانی قۆرییە و
بەردەکانی خڕی خاسە و
سێبەرەکانی قورتوبە
منارەکەی کۆشکلی و
ئاسیاوەکانی مانچا
هەموو تێکەڵ بە رۆندك و
غوباری عەدەم دەبن.

دەزانم
شیعر، هەندێ رۆندك و
هەندێ نەغمە و
هەندێ یادەوەری و
هەندێ تەمەن
بە قووڵاییەکانی دەبا،
ئەوەش باش دەزانم
هەر هەمووی دەکەونەوە
دەم رەشەبا...

## دوو گۆرانی بۆ غەریبیٚ

١

له لێرەوارەکانی کێشوەری تاراوگه
غەرێبێك لەژێر بارانا
تەڕ دەبێت و کەس نایبینیٚ،
بەرەو رووناکی هەتاو
هەنگاو دەنیٚ.

غەرێبیٚ بە چرپە گۆرانی دەچڕیٚ
تەنها هەر خۆی گوێی
له دەنگی خۆی دەبیٚ.

له لێرەوارەکانی غوربەتیا
بەناو هەناوی تەما
ئۆغر دەکا و ناگاتە هیچ شوێنیٚ،
بە نزمی گویٚ



له برینەکانی رۆحی خۆی هەڵدەدێریٚ.

غەریبیٚ تەنها هەر خۆی برینی خۆیەتی.

له لێرەوارەکانی کێشوەری تاراوگه
دەست له گیرفان
بارانێکی رەش قەمسەڵە تەڕ دەکا
دوو برینی هەراشیش
دەروونی هەپڕوون بە هەپڕوون دەکا.

غەرێبێکی ژێر باران
تەنها گوێی له دەنگی خۆیەتی.

٢

شەوێکی تاریك
ئاوێتەی تەم
لەسەر ئاوازێکی سست
دادەچۆڕیٚ

شووشەی پەنجەرە و
شۆستەکان دادەپۆشێ.

پەردە تەنکەکە
بە دوو پەنجەی لەرزۆك
لادەدەم،
دوور دەڕوانم
تەنها تاریکییەکی ئەستوور دەبینم
ژوورەکەمی قووت داوە،
سەرماش
لەنێو هەموو شانەیەکی رۆح
کرۆشکی داوە.
ئاوازێکی دوور دێتە بەرگوێم
نازانم لالانەوەی رۆحە
یا زایەڵەی تاراوگە.

دەرگا دەکەمەوە
جەستەم



تاریکی و تەم
تەنهایی و غەم
شەق دەکات "

بەفری ژێر پۆستاڵەکەم
خرچە خرچ
ئارەزووەکانم هەنجن هەنجن
دەکات.

چرای دارتەلەکان
کز کز
نمە ژانەکانی ئاسمان
هێور هێور
دەکەونە سەرشانم،
تەوێڵم بە گوناه
تەڕدەبێت و
هۆیەکەشی نازانم.

هێدی هێدی
لەشم و سەرما
تاریکیی و تەم
ئاوێتەی یەکتر دەبن.

تەنها گوێم
لە گۆرانییەکە
نازانم لاڵانەوەی ڕۆحە
یا سەداکانی تاراوگە!



## سووتماکی خۆم

میللەتێکی تا سەر ئێسقان سەرگەردانم بینی،
لە کۆڵانەکانی سێبەردا،
پشووی دەخوارد و
لە دامێنی هەستە داتەپیوەکانیش دا
تا ئاستی خوێن دەچەمییەوە.

میللەتێکم بینی
تا کەمەر تەپوتۆز و
تا کازێوەش ئاشووب.

ئاڵا سەوز و ڕەشەکانی
لە کووچەکانی کەربەلا و
لە قەدپاڵی نەهامەتی
لە قوومێ ئاوی سازگار دەگەڕا.

منیش ئاوارەی
کووچەکانی مێژوو...
لە شارە ساردەکاندا سەهۆڵم لەسەر ڕەفەکان دەتەکاند و
تامی غوباریش ماتەمینی بوو بۆ مەڵاشوو. میللەتێکی تا
سەر ئێسقان بریندارم بینی بەدەستی خۆی و لەسەر
تەنافەکاندا مەستیی خۆی هێور دەکردەوە تا سەر
ئێسقان ماندوو لە کووچەکانی مێژوو.

ئێمە پەناهەندەکانی عەهدی یەکەم
یەزدان بە خەتی زێڕین
لەسەر لاپەڕەکانی ئاسماندا
مەلحەمە و داستانەکانی بە ڕەهێڵە دەنووسینەوە.
باهۆز دەهات کەشکۆڵەکانی ئاسمان شەپڕێو دەکرد.

لاتەریك
لە قەبرغەکانی چیاوچۆڵ
ئایندەکانمان دەنەخشاند
عاشقی خۆمان بووین



دەیان چڵە نێرگز لەشی داپۆشین و بە فرزەندەکانی حەوا
دەچووین...
پیٚ لە پزیسك و پاژنە لە با...

میللەتێکم بینی قەپاڵی لە پێی خۆی گرتبوو
بە خەنجەر بەرببووە سەر لاشەی خۆی.

ئاودیوی حەزی خۆی و
ئاوێنەکان تفیان لە بیچمی دەکرد...
لەسەر سفرەی خۆی
بەرببووە سەر لاشەی خۆی
قەپاڵی لە پێی خۆی دەدا و دەڕشایەوە.

ئاوی شەوی دەخواردەوە و گۆشەی ئەستێرە لە قورگی
گیر دەبوو.
بتی قوڕی لەسەر سەکۆکان دادەنا و
کڕنووشی دەبرد...

پووشیان دەجایی
خۆڵیان دەخوارد
وەکو گیای هیشکەوەبووی بەر باران دەتلیسانەوە
لە قەراغ زەڵکاوەکاندا
پاشماوەی چڵپاو
لەنێوان مەرگ و بووژانەوە
هاوارێك تارماییەکانی شانۆنامەکانی زیندوو دەکردەوە.

مێژوو سەرگەردانی کردبوو
ئێستا
دەیان پەنجە
تا بیناقاقای دەهات
کرێوە سەری دەسووتاند
رووت و قووت لەبەر دەرگای ئەشکەوتان
ئاگرێکی کز
گەرچك
دەسووتا و شەیتانەکانی نەدەڕواندەوە.



کەمتیار و چەقەڵ
گرد دەبوونەوە و سێبەرەکانیان شەپۆلییان دەدا
دەیان ئەستێرە دەکوژانەوە...

مانگ داسێکی ژەنگن
لە ملی چارەنووس گیر دەبوو
هەوری قاش قاش دەکرد.

میللەتێکم بینی
سەرگەردان تا هەڵاتن
ئاوارە تا داگیرسان
سووتانی قەقنەسم بینی
و سووتماکی خۆم.

٢٠١٠-٠٢-١٢

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | چیرۆکستان | دەق و رەخنە | حەمە کەریم عارف |
| ٢. | كركوك والتطهير العرقي | دیکۆمێنت | و: رەعد بابان |
| ٣. | مانیفێستەکانی پووچی | هۆزان | مەهدی زریان |
| ٤. | شیعری هەڵبژاردە بۆ منداڵ و گەورە | هۆزان | لەتیف هەڵمەت |
| ٥. | بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەیدە |
| ٦. | دڵۆپە | هۆزان | یوسف لەتیف |
| ٧. | ماچ | کۆمەڵە دەق | بەکر دەروێش |
| ٨. | چاوبڕکێی سەر زورگەکان | چیرۆك | حەمە سەعید زەنگنە |
| ٩. | داوەتی کۆچەریان | چیرۆك | حەمە کەریم عارف |
| ١٠. | ناسنامەی دەق | رەخنە و لێکۆڵینەوە | د. فوئاد رەشید |
| ١١. | شرۆڤەیەك لە بازنەدا | گوتارو رەخنە | سەردار جاف |
| ١٢. | تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا | لێکۆڵینەوە | شوکریە رەسوڵ |
| ١٣. | گەڕانەوە بۆ حەیفا | چیرۆکی وەرگێردراو | ئەحمەد عارف |
| ١٤. | سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی | لێکۆڵینەوە | د. ئازاد عەبدولواحێد کەریم |
| ١٥. | لە هەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەب | رۆمان | جەلیل محەمەد شەریف |
| ١٦. | بانێژەی خەمەکانی شارەکەم | هۆزان | بورهان بەرزنجی |
| ١٧. | عەورەتی گەلا | هۆزان | سیروان ناشاد |
| ١٨. | هونەری رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری | لێکۆڵینەوە | شوان خورشید |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | نزاردا | | |
| ١٩. | ژوانی عەشقداری | شانۆگەری | وریا شەهاب |
| ٢٠. | ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |
| ٢١. | ئێوارەیەك نایەمەوە | هۆزان | لەتیف فاتیح فەرەج |
| ٢٢. | سیفری ئاگر | هۆزان | کەریم دەشتی |
| ٢٣. | لە روانگەی زمانناسییەوە | لێکۆڵینەوە | و:د. ئازاد ئەمین باخەوان |
| ٢٤. | گورگ | چیرۆکی وەرگێردراو | و: عەلی بەرزنجی– خالید مەجید فەتحوڵڵا |
| ٢٥. | زریوەی ئەستێرە دەسرازەی زامە | هۆزان | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان |
| ٢٦. | داستانا لێدانا گازخانا کەرکوك ل سالا ١٩٦٩ | داستان | وەصفی حسن ردێنی |
| ٢٧. | دار زەیتوون | چیرۆك | فەیسەڵ تاهیر هەمەوەندی |
| ٢٨. | یاریزانی شەترەنج | رۆمان | و: محەمەد سابیر مەحموود |
| ٢٩. | ئەو وشانەی در بە تاریکە شەو دەدەن | وتار | لەتیف هەڵمەت |
| ٣٠. | یوونس ئەمرە خۆشەویستیی خاك و مرۆ | هۆزان | و: ئەحمەد تاقانە |
| ٣١. | کوردو رەگەزی ئاری | لێکۆڵینەوە | مەلا جەمیل رۆژبەیانی |
| ٣٢. | هجرة الطائر الازرق | شعر | عباس عسكر |
| ٣٣. | دەروازەیەکی مێژوویی بۆ مافەکانی مرۆڤ | لێکۆڵینەوە | کامەران تاهیر |
| ٣٤. | ئەشکەوتی خوێن | رۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین |
| ٣٥. | مەرگی نووسەرو چەند باسێکی | ئەدەبیات ورۆشنبیری | حەمە کەریم عارف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | دیکەی ئەدەبی– رۆشنبیری | | |
| ٣٦. | منداڵێك بووم لە كوردستان | چیرۆك | و: عومەر عەلی شەریف |
| ٣٧. | خۆشنووسانی كورد | خۆشنووسی | عەبدولستار جەباری |
| ٣٨. | بەرسیلە عیشقیٚ بۆ خودا | شیعر | ئاوێزان نووری |
| ٣٩. | مانگ | شیعر | و: هیمەت كاكەیی |
| ٤٠. | چەمك و ستاتیكای شوێن لەئەدەبدا | لێكۆڵینەوە | سەباح ئیسماعیل |
| ٤١. | ئەرشیفەكانی قیراق | شیعر | شێخ سدیق |
| ٤٢. | ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون | نامە | ئا: لەتیف فاتیح فەرەج<br>ئاكۆ محەمەد شوانی |
| ٤٣. | هەقایەتی داپیرە | چیرۆك بۆ منالاَن | و: هێمن دەلۆیی |
| ٤٤. | دەروازەیەكی مێژووییانە بۆ<br>روداوەكەی ١٩٥٩ | مێژوو | سمكۆ بەهرۆز محەمەد |
| ٤٥. | كورد لە سێبەری خیلافەتی عەرەبیدا | لێكۆڵینەوە | |
| ٤٦. | زەمەنێك بۆ خەم | شیعر | دانا عەسكەر |
| ٤٧. | گەلاَ رژاوەكان | رۆمان | و: عەلی بەرزنجی |
| ٤٨. | كچەكانی حەوا | چیرۆك | سەبریە ئەحمەد حەمە<br>(سەبا) |
| ٤٩. | كرمەزاڵ | شیعری بیانی | و: صابر شاكر مەلوول |
| ٥٠. | گێژاو | چیرۆك | موعتەسەم ساڵەیی |
| ٥١. | ئەفسونی ئاوێنە رەشەكە | چیرۆك | حەسەن نازدار |
| ٥٢. | یارێكم هەیە لەخۆمدا | شیعر | عومەر عەبدول |
| ٥٣. | هاوارێك ...هەر لە تەم ئەچێت | شیعر | گۆریان |
| ٥٤. | شارێكی قاوەیی | كۆمەلە چیرۆك | و:عەبدولاَ مەحمود |
| ٥٥. | كوردو چەند بابەتێكی مێژووی | لێكۆڵینەوە | هاشم عاسی كاكەیی |
| ٥٦. | كەركووك : شاری قەلاَو ئاگرو خوێن | لێكۆڵینەوە | عەلی مەحمود محەمەد |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٧. | گەشتێك لەنێوان مانگو دەریادا | شانۆگەری | د .عەبدولكەریم حاجی<br>محەمەد |
| ٥٨. | شەوە خوێناویەكەی ژوورسەری<br>دایكم | كورتە چیرۆك | محەمەد حسێن |
| ٥٩. | ئە پیری | لێكۆڵینەوە | د. ئیسماعیل ئیبراهیم<br>سەعید |
| ٦٠. | مقام و مۆزیكی فۆلكلۆری كوردی<br>سەلاح داودە وەك نموونەیەك | لێكۆڵینەوە | هەردەوێڵ كەكەیی |
| ٦١. | رۆبن هوود | چیرۆك | و: زنار محمد |
| ٦٢. | دیوارێك و سیٚ نیگار | هۆنراوە | عەباس عەسكەر |
| ٦٣. | جەنگ و نێوانەكان | كۆمەلَە وتار | سمكۆ محەمەد |
| ٦٤. | پەرتەوازەكانی ئێرەو ئەوێكانی<br>رەوان | رۆمان | عەبدولاَ سەراج |
| ٦٥. | تەمەنی مرۆڤ | چیرۆك | سەلاح سالَح مەجید |
| ٦٦. | گوڵە مۆرەكان | چیرۆك یۆمنالاَن | و/ عبدولاَ سلیمان |
| ٦٧. | پێكهاتەی بەدەنی و چارەنووسی<br>ئافرەت | لێكۆڵینەوە | و/ حمە كەریم عارف |
| ٦٨. | كوللە | شانوگەری | محەمەد عەبدولڕەحمان<br>زەنگنە |
| ٦٩. | ئێوارەیكی شەرابی | كۆمەلَە چیرۆك | ن: ئەحمد عارف |
| ٧٠. | لە سۆراخی راستیەكاندا | سیٚ لێكۆڵینەوە لەبارەی<br>راگەیاندنەوە | عەبدولاَ مەحمود |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧١. | مێژووی نەوتی کەرکوك | لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی | فەرهاد هەمزە |
| ٧٢. | زەرە مار | نۆڤلیت | Lمحەمەد سەعید  زەنگنە |
| ٧٣. | یانەی سەرکەوتنی کوردان | مێژوو | مستەفا نەریمان |
| ٧٤. | کەرکوك – ناوی–مێژووی کۆنی –<br>دانیشتوانی – دەسەڵاتەکانی | مێژوو | جەمیل رۆژبەیانی |
| ٧٥. | جیِّ پیِّ | کۆ چیرۆك | حمه کریم  عارف |
| ٧٦. | شاعیرانی کوردستانی باشوور | وەرگێران | و . ئەحمەد تاقانە |
| ٧٧. | شوێنەواری  خوینەکەت لەسەر<br>بەفرەکەدایە | چیرۆکی وەرکێڕدراو | عەلی بەرزنجی<br>خالید مەجید فەتحوڵڵا |
| ٧٨. | نوێکردنەوەلەشیعری کوردی | لێکۆڵێنەوەی رەخنەیی | د. ئازاد عەبدواحید کەریم |
| ٧٩. | لە یادنامەی کەرکووك و گەرمیانەوە | مێژوو | عومەر عەلی شەریف |
| ٨٠. | الخطاب السياسي في القنوات<br>الفضائية الكوردية | دراسة تحليلية | حبيب كركوكي |
| ٨١. | هواجس ملونة | قصص كوردية قصيرة | جليل محمد شريف |
| ٨٢. | پلەو پایەی گیانداران لە ناو قسەی<br>پێشینان | پەندو قسەی پێشینان | دکتۆر عەبدولکەریم حاجی<br>محەمەد عەلی |
| ٨٣. | زامەکانی کەرکووك | لێکۆڵینەوە | سەمەد چاوشین |
| ٨٤. | زاڵگەی پردەکە | چیرۆك | سالار ئیسماعیل سمین |
| ٨٥. | لەمپەرێك لە ئاسماندا | کۆمەڵە چیرۆك | و: ئەدیب نادر |
| ٨٦. | ئەو شەوەی بە تەنها جێیانهێشت | کۆمەڵە چیرۆك | و: سابیر شاکر مەلوول |
| ٨٧. | ديوان عباس عسكر | شعر | عباس عسكر |
| ٨٨. | مستەفا بارزانی | لێکۆڵینەوە | سەردار جاف |
| ٨٩. | خاسەی خۆڕاگر | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی |
| ٩٠. | بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئەدەبی کوردیدا | | |
| ٩١. | درەختی کەنتاوە | ڕۆمان | کەریم کاکە |
| ٩٢. | بیبلیۆگرافیای (٣٠)ی ژمارەی<br>گۆڤاری گزنگ | بیبیلیۆگرافیا | د. عەبدولکەریم حاجی<br>محەمەد عەلی |
| ٩٣. | شاعیرەکان | ژیاننامە | محەمەد عەبدولڕەحمان<br>زەنگنە |
| ٩٤. | نامۆ | ڕۆمان | و: حەمە کەریم عارف |
| ٩٥. | ژوانگەی هونەر | لێکۆڵینەوەی هونەریی | عەبدولستار جەباری |
| ٩٦. | بونیاتی زمانی شیعری | لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی | و:د. ئازاد عەبدولواحید<br>عەلی بەرزنجی |
| ٩٧. | ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ | چیرۆکی وەرگێڕدراو | حەمە کەریم عارف |
| ٩٨. | غمزات على مشارف التلال<br>للقاص محمد سعيد زەنگنە | مجموعة قصصية مترجمة | إعداد ومراجعة:<br>علي برزنجي<br>د. آزاد عبدالواحد كريم |
| ٩٩. | ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی |
| ١٠٠. | دەربارەی رۆمانو چیرۆك | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف |
| ١٠١. | بیبیلیۆگرافیای<br>١٠٠ کتێبی<br>یەکێتیی نووسەرانی کورد<br>لقی کەرکووك | بیبیلیۆگرافیا | ئا: حەمە سەعید زەنگنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٢. | ألوان من الأدب | مقالات منوعة | صباح البازركان |
| ١٠٣. | بیبلیۆگرافیا | بیبلیۆگرافیا | د. عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی |
| ١٠٤. | گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی | لێکۆڵینەوەی شانۆیی | نیهاد جامی |
| ١٠٥. | کومیدیای سیاسەت | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | بەکر دەروێش |
| ١٠٦. | خیانەتی حەڵاڵ | لێکۆڵینەوە | حەمەکەریم عارف |
| ١٠٧. | حیبزە فرە جەماوەرەکەی گوڵەباخ | چیرۆك | حەمە سەعید زەنگنە |
| ١٠٨. | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوەی ئەدەبی و فیکری | سامان محەمەد |
| ١٠٩. | هەرمێیەکانی فیرعەون | ئەحمەدی مەلا | ئەحمەدی مەلا |